كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 15:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێویستمان بە هەڵوێستێکە لەبەردەم جەستەی رەجمکراوی (دوعا) دا ... ڤینۆس فایەق

پێشەکی:

هیچ عەقڵێك، هیچ ویژدانێك نیە لەسەر رووی زەمین ئێستا لە توانایدا بێت زمانی رەجمکردن بخوێنێتەوە، هیچ وێنەکێش و نیگارکێش و شێوەکاری دونیا نیە بتوانێت وێنەی (دوعا) ی نەرم و نیان و ناسك بکێشێت و وەکوو خۆی راستگۆیانە پیشانی بدات، ئەو دەمەی ئەو هەموو سەگ و گورگە تێبەربوون و رەجمیان دەکرد، ناڵێم پیاو، دەڵێم سەگ و گورگ، چونکە ئەو کارە تەنها و تەنها لە ئاژەڵ ئەوەشێتەوە، هەڵبەتە هەموو جۆرە ئاژەڵێکیش نا، ئاژەڵە درندەکان.. ئەو دەمەی دیمەنی رەجمکردنی جەستەی جوان و ناسکی (دوعا) م بینی هەموو دونیا لەبەر چاوم رەشبوو، لەتاو گریان بۆم نەکرا هیچ بڵێم و، دواتر ویستم بنووسم، هەستم کرد پەنجەکانم لەبەردەم گەورەیی و مەزنی کارەساتەکەدا ئیفلیجبوون.

ئەکرێ بە دیوی ئەودیوی ئەو تاوانە قێزەونەدا رەهەندێکی سیاسی، فیکری و مەزهەبی بخوێنینەوە بۆ ئەو تاوانە وەحشیە، ململانێیەکی ئایینی و مەزهەبی ناشراستانی کە هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان ئەسرێتەوە و جوگرافیایەکی قوڕاوی و چڵکاو ئەکێشێت بۆ پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ لەسەر زەوی یەك نیشتیمان..

وا ئەمجارەش سەهۆڵبەندانی بێدەنگی پێنج رۆژم ئەشکێنم و دیسان داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم هەڵوێستێکی راستگۆیانە لە ئاست رەجمکردنی ئینسانێکدا وەرگرێ، لەگەڵ زەنگی مەترسی کوشتنی (دوعا) دا زەنگی مەترسی ململانێیەکی بکوژ و هەمەجی دەهێنێە ئاراوە، ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی تر لە سەرتاکانی رۆژە تاریکەکانی تەنها ژن تیایدا زەرەرمەند و کۆستکەوتووە، نامەوێ پێچەوانەیکەمەوە و بڵێم ئەگەر ژنێك پیاوێکی رەجم بکردابا، یان پیاوێك پیاوێکی رەجم بکردابا، چی روویدەدا و چی دەوترا و چی دەکرا.. دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەو تاوانەدا بە ئەرکی شارستانی و مرۆڤایەتی خۆی هەڵسێت و ئەو دەسەڵاتە رەجمکات کە بە رەجمکردنی نیوەی کۆمەڵ قایلە، ئەو دەسەڵاتەی کە شەرعیەت دەدات بە ئایین هەموو ژیانی کۆمەڵگا تێکدات و وەکوو پیشەی هەمیشەیی ببێە فاکتەرێك بۆ پەرتەوازەکردنی مرۆڤایەتی و بڵاوکردنەوەی رۆحی کوشتن و رەجمکردن و تۆڵەسەندنەوە.. ئەکرێت ئمە زەنگێکی تر بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە کوردستاندا بەخۆیدا بچێتەوە و بە دەستووری کوردستاندا بچێتەوە و لەگەڵ شارستانیەت و ئەو دیموکراتیەتەی ئیددیعای بۆ دەکەن بگونجێت، راستە (دوعا) لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکوژراوە، بەڵام کچێکی کوردە، هەرچەندە ئەگەر کچە عەرەبێکیش بەو شێوە هەمەجیەی لەگەڵ بکرابا هەمان هەڵوێستمان دەبوو، بەڵام دەکرێ بەرووی حکومەتی عێراقدا بوەستێتەوە و سنوورێکی بۆ دانرێت و، کەرامەتی باوکی (دوعا) بهێنرێتەوە مایە، چونکە وەك ئەزانین (گوایا باوکی (دوعا) رازی نەبووە کچەکەی بکوژێت، چەند هەمجیەك ئەو کارە قێ. ەونەیان کردووە، کە لە هیچ سەدەیەکدا مەگەر لە سەدەتاریکەکانی ناوەراستدا کرابێت)

بە پێ دوایین ئامارەکان گوایا هەر لە کوردستان هەتا ئێستا ئەمساڵ 350 کچ بە رەسمی تۆمار کراوە کە خۆیان سووتاندووە، داخوا چەندی تر کە تۆمار نەکراوە. ئەمە ژمارەیەکی ترسناکە، دڵ پێی دەلەرزێت.. بۆیە دیسان دەبێت حکومەتی هەرێم رۆڵ ببینێت و هەڵویست بنوێنێت..

دوعاگیان جەستەی تۆ نەبوو.. جەستەی من بوو، جەستەی هەموو ژنانی کوردستان بوو.. !!

لە دەمێکدا بژیت کە هەموو پێداویستیەکانی پێشکەتن دەستەبەر بوون، هەموو فاکتەرەکانی پێشکەوتنی عەقڵەکان و، بشێت ببێتە هاندەرێك بۆ وەلانان و رەجمکردنی عەقڵیەتی دواکەوتووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خێڵەکی و بەرلەقەدانی، لەبری بەرلەقەدان و ڕەجمکردنی جەستەی ژنێك.. لە دەمێکدا بژیت دوو بوونەوەر هەموو کۆمەڵگا دروستدەکەن و بەهەردوکیان خاوەنی هەموو دەسکەوتە کۆمەڵاتی و فیکری و فەلسەفیەکانن کە هەموو کەونی لەسەر ڕاوەستاوە، و ئەشێ بتوانیت و جورئەت بکەیت عەقڵیەتی درندەی ئاژەڵ ڕەجمکەیت و بەرلەقەی دەیت و دواتر بیسووتێنیت لە جیاتی جەستەی ژنێك.. ئاو ئەو دەمە هەر ژنێك بڵێت ئاە، جەستەی من ئەڵێت ئاە، هەر بەردێك بەر جەستەی ژنێك کەویت، بەر جەستەی وڵاتێك ئەکەویت، بەر عەقڵی عەشیرەتگەری ئەکەویت، ئەو دەمەی جەستەی جوانی ژنێك ڕەجم ئەکرێت، منیش عەقڵی سەرتاپای کۆمەڵگا و گشتی پیاوانی خێڵ ڕەت ئەکەمەوە، و بە بەردی ژنێتیم ڕجمی ئەکەم.. ئەو دەمە هەموو مرۆڤایەتی کەوتۆتە بەر مەترسی فەنابوونی هەبوو بەها مرۆڤایەتیەکان، هەموو کەرامەتی مرۆڤایەتی لەبەردەم چەقۆی کەللەسەختی ڕۆچوونی هەموو پرنسیپە ئەخلاقیەکاندا خوێن ئەهێنێتەوە..

ئەو دەمەی پیاوانی خێڵ ژنێك ڕەجم ئەکەن بە تۆمەتی خۆشەویستی، بەتۆمەتی ئەوەی هاوسەرێکی بۆخۆی دەستنیشانکردووە، بە تۆمەتی ئەوەی شەرەفی خۆی پاراستووە و لەشی نەفرۆشتووە، چ جێگایەك بۆ ئەخلاق و بۆ بەزەیی دەمێنیت؟ چ سووچێك ئەمێنێت نوێەژکانی تیا بکەن؟ ئەو نوێژانەی بە هەموو پێوانەکانی مرۆڤایەتیم و ژنێتیم سوێند دەخۆم هەر هەموو بەتاڵن، ئەو بەرماڵەی بەهەموو عەقڵی ژنێتیم سوێند دەخۆم دەبێت بسووتێنرێت، ئەو پیاوانەی بڕیاری شەکەتکردنی ژنێك دەدەن و ناموسیان لەسەر جادە لەسەر زەوی پاڵدەخەن و بەردی تێدەگرن، ئەو دەمە هەموو هەرەمی کەرامەتی عەشرەتم بینی بەبەر چاوی ژنێتیمەوە دارما و بە قووڵایی ئەرزا ڕۆیی.. ئەی باشە ئەوەندە نێر و جەسوور بوون لەبەردەم ئەنفالچەی و جاشەکاندا چیان لەدەست هات؟ لەبەردەم تاوانکارانی تاوانەکانی کوردکوژی و هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی میللەتی کوردا چیان لەدەستهات؟

ئەو دەمەی جەستەی (دوعا) ی نەرم و ناسك بەردەباران دەکرا، وڵاتێکم بینی بەردەباران دەکرا، وڵاتێکم بینی شەرەف و کەرامەتی ڕووتبووبۆوە و کەسێك لە ڕاهی خودا پارچەی کراسە دڕووەکەی دەدایەوە بە (سمت) ی چەپ و نازداریدا.. ئەو دەمەی قاچەکانت ڕووتبوونەوە، عەقڵی نیشتیمانێکم بینی ڕووت و قووت لە ئەخلاق و لە هەموو بەها ئینسانیەکان لە بەر پێی ژنێتیما کەوتبوو، بێزم نەدەهات بەلاشیا بڕۆم..

ئا ئەو دەمەی پیاوێکی نەگریس بەردی دەگرتە جەستە ناسك و نازدارەکەت، پیاوێکی نەگریسی تر جوێنی دەدا و پیاوێکی نەگریسی تر هاواری دەکرد، پیاوێکی نەگریسی تر هانی دەدان، ئا ئەو کاتە نیشتیمانێکم بینی، خوێنی لەبەر دەڕۆی، قارەمانەکانی لەبار دەچوو، پیاوە گەورەکانی لەبار دەچوو، نیشتیمانێکم بینی تەعەددای شەرەفی لێکرابوو، وڵاتێکم بینی خوێنی پیاوەتی ڕژابوو و بەهیچ نەدەگیرسایەوە..

ئەمجارە دەبێت حکومەتی هەرێم زۆر لە خۆی بکات و جورئەت بکات، بێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە بێدەنگی بێمانای خۆی دەرچێت و قسە بکات، دەبێت هەڵوێستێك بنوێنێت و کەرامەتی ڕەجمکراوی کچەکوردێك بیهێنێتەوە مایە لەبەر دەم هەموو یاسا ئینسانیەکاندا، لەبەردەم ویژداندا..

هەرچی دیمەنی ڕەجمکردنی ئەو ژنەم دێتە بەر چاو، دەمەوێت وێنەی نیشتیمانێك بکێشم، کەچی وێنەی مرۆڤی سەدەکانی تاریکی و قەسوەت و خوێنڕشتن، جوگرافیای شەرم و شوورەیی و بێ غیرتی دێتە پێش چاوم، ئەو دەمەی تەنها بە نووکی شمشێر دەزانرا شەڕ بکەن و بە عەقڵی دراستان بیرکەنەوە، هەر هەموو بینا باق و بریقەکان و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن هەمووی ئەڕووخێ و لە خەیاڵما نامێنن و سەدەکانی پێش لە دایکبوونی عەقڵ و فیکر و فەلسەفە و هوشیاریم دێتە پێش چاو.. ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
1-5-2007 15:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
دەمەی باڵای (دوعا) خڵتانی خوێنکرا، ناوچەوانی مێژووی کەرامەتی پیاوانی خیڵم بینی خڵتانی بێ شەرەفی و بێ ناموسی ببوون، ئەوانەی بە یاسا بەربەریەکان دەیانەوێ وڵاتبەرن بەرێوە و بە یاسای جەنگەڵستان حوکم بکەن.. ئەو دەمە جەستەی دیموکراسیەت و ئازادیەکانم بینی بەر پێلەقە و بەرد دران و هەرهەموومان لەدەستدا..
باوەڕم وانیە ویژدان هەبێت لە دونیادا، بەتایبەت لەم هەموو پێشکەوتن ئیدیعائاتی دیموکراتیەت و ئازادیانەدا، ئەوە بە ڕەوا ببینێت جەستەی ژنێك بەر لەقە و بەردەباران بدرێت، ئەوە پێویستی بە هەڵوێستی جیدی حکومەت هەیە، پێویستی بە شەفافی حکومەت هەیە، پێویستی بە جورئەتێکی بێوێنەی دەسەڵاتی سیاسی هەیە، هەر نەبێت بۆ ئەوەی بۆ عێراقیەکانی کە جاران دەیانگوت کورد بوونەوەرێکی دڕندەی شاخاوین، نیوەشەو کە برسیان بوو یەکتر دادەپاچن، بۆ ئەوانەی بسەلمێنن کە وانیە و ئەوەتا حکومەت و کۆمەڵگا بێبەریە لە هەمەجیەتی تاقمێکی نەخۆش، پێویستی بە یاسای توندوتیژ هەیە بەرامبەر بە بکەرەکان، بۆ ئەوەی ببنە عیبرەت بۆ ئەوانەی بە خەیاڵیاندا دێت جارێکی دی کارێکی وا بکەن، دەبێت حکومەتی هەرێم بە ڕەسمی داوا لە حکومەتی عێراق بکات ئەو مەسەلەیە یەکلابکاتەوە، هەتا ئەنجام ئاکامی کارەساتاوی لێنەکەوتۆتەوە..
ئەمە پێویستی بە بڕیارێکی شارستانی گەورە هەیە کەرامەتی ژن بێنیەوە مایە، بۆ ئەوەی کەرامەتی حکومەتەکەمان بێتەوە مایە، پێویستی بە بێدەنگی حکومەتی هەرێم نیە، پێویستی بە دەنگێتی، چۆن زوڵاڵانە لە ناو عێراقدا شەڕی کورسی و سیاسەت دەکەن، ئاواش شەڕی ویژدان و کەرامەتی نەتەوەیی و ئینسانی بکەن..

venusfaiq@yahoo. co. uk
تێبینی: ئەم بابەتە ڕۆژی 30 مای 2007 لە ژمارە 195ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە هەولێر بڵاوبۆتەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.